کەلێن
گۆڤارێکی ئەدەبیی و هونەریی، وەرزییە

# کەلێن

## ٥

بەهاری ٢٠١٨

**سەرپەرشتیاران:**

- **سۆران محەممەدە سوورە**
- **هەژار حوسێن**
- **خەلیل سەلیم**
- **عەلی سەرباز**

**وێنەی بەرگ:**

- **شاریا سەربەست**

**ڕێنووس و خاڵبەندیی:**

- **سۆران محەمەدە سوورە**

**نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە:**

- **وڵات موحسین**

**wlat.mohsin@gmail.com**

بۆ پێوەندییکردن و ناردنی بابەت

٠٧٥٠ ٧٠٤ ٥٨٤٠

نرخی گۆڤار (٢،٠٠٠) دینارە

٠٧٥٠ ٨٩٥ ٦٠٦٠

kovari.kelen@gmail.com

دوای بڵاوبوونەوەی هەر ژمارەیەکی نوێ، دەتوانن خوێنەری بابەتەکانی ژمارەی پێشووبن لە ماڵپەڕی
دەنگەکان: Dengekan. Info

## سەرنج و تێبینیی بۆ ناردنی بابەت بۆ گۆڤاری کەلێن:

بەڕێزی خۆشەویست، بۆ ناردنی بابەت بۆ گۆڤاری کەلێن، تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە:

١

- پێویستە دەقەکەت، لە هیچ گۆڤار، پەڕتووک و ماڵپەڕ، یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو نەکرابێتەوە.
- پێویستە نووسینەکەت بە وۆرد بنێرییت و بە جۆری یونیکۆد، یونیکورد گۆران (Unikurd Goran)، یان (Times New Roman) بێت.
- سەرچاوە لەگەڵ نووسراوەکاندا هەبێت، ئەگەر نووسراوەکەت ئەوە هەڵبگرێت.
- سەرچاوەکان بە سیستێمی هارڤارد ڕێکبخرێن.
- شیعر و چیرۆک لە پێنج ئەیفۆڕ زیاتر نەبێت و قەبارەی فۆنت ١٤ بێت.

- **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**، لە ٢٠٠٠- ٢٧٠٠ وشە بێت. پێکهاتبێت لە:
١- پوختە. ٢- پێشەکیی. ٣ ئەنجام. ٤ سەرچاوە.

**وتار، ئەم تایبەتمەندیانەی لەخۆ گرتبێت:**

١- ڕەخنە، لایەنی ڕەخنەیی لە وتارەکەدا وێنا کرابێتەوە.
٢- سەرەتایەک بۆ دەستپێکردن، وەک مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە، دەتەوێت چی بورووژێنیت و چی بڵێیت.
٣- گرینگی تەواو بدرێت بە بۆچوونە کۆک و لێکناکۆکەکانی پێش خۆی (وتارەکە).
٤- ئەنجام بۆ کۆتایی وتارەکە هەبێت.
٥- لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندیی خوێنەر. ئەمەش بە گرینگیدان بە ڕێنووس، ڕازاندنەوە، مۆسیقای وشە و ڕستەکان، ڕێکخستن و جیاکردنەوەی پارچە (پەرەگراف)ەکان لە یەکتری.
٦- سەرچاوە لەخۆ بگرێت.

٢

هەروەها پێڕەویی لەم خاڵانە کرابێتن:

| چەندزاراوەیی | یەکزاراوەیی لە کەلێندا |
|---|---|
| - Concept، چەمک و مەفهوم، | **تێگە.** |
| - جامیعە، زانکۆ، | **زانستگە.** |
| - قوتابخانە، مەکتەب. (قوتابی، تەلەبە) | **خوێندنگە. (خوێندکار)** |
| - لۆجیک، لۆژیک، مەنتیق، مەنطیق، | **ژیربێژ.** |
| - **بێهوودەیی.** | |

- **هیچخوازیی.**
- **پێکهاتەخوازیی.**

دیدگە و ڕوانگە؛ سەرباری ئەوەی «دید» فارسییە و کوردییەکەی «دیت»ە، ئەوە بە خستنەسەری پاشگری «گە« دەبێت بە دیتگە و پێشگر و پاشگری تر؛ نادیتە و دیتەدەر و... تاد. ئەوە پشت دەکەینە دیتگە و وەک زاراوە **ڕوانگەم**ان هەیە و پێویست بە دیتگە ناکات. هەڵبەتە «دید»یش بکرێتەوە بە دیت.

***

- **ڕەوت** لە شوێنی قوتابخانە ئەدەبیەکان و قوتابخانەی دەروونشیکاریی یان قوتابخانە فەلسەفیەکان، بەکار ببردرێت.
- He و She: لە بابەتەکانی وەرگێڕان، بۆ ڕەگەزەکانی نێر و مێ He و She، دەکرێت سوود لە «وی» بۆ نێر و «وێ»ش بۆ مێ، وەربگیردرێت.

**سەرنج:**

- بۆ زاراوەکانی بێگانە، ئەگەر نەتویست زاراوە کوردییەکە دابنێیت، ئەوە بە ڕێنووسی کوردیی بنووسرێت.
- ڕێنووس و خاڵبەندیی پێوەندیی بە گۆڤاری «کەلێن»ـەوە هەیە و یەکجۆر ڕێنووس و خاڵبەندیی لە گۆڤارەکەماندا پێڕەو دەکەین.

***

لە هەر بابەتێکی نێردراو بۆ کەلێن، ئەم پیت و وشانەی خوارەوە، دەکرێنەوە بەو پیت و وشانەی بەرانبەریان، یانیش لادەبردرێن:

- بیرۆکە: **هزر**.
- ئافرەت، **ژن**.
- ئیش، **کار**.
- تیادا، تیایدا، تێیدا.
- بەروار: **ڕێکەوت**.
- **ژیان کردن و ژیان دەکات**، هەردووکیان هەڵەی ڕێزمانییان تێکەوتووە و خۆمان لە بەکارهێنانیان دەپارێزین.
- «**ئە**«: ئەکەم، ئەهێنم، «ئە« بۆ ئاخاوتنە و لە گۆڤارەکەماندا دەکرێتەوە بە «دە«، نموونە: بیردەکەمەوە، دەهێنم، دەخوێنمەوە.
- پێشگرەکانی، وەک دکتۆر و پرۆفیسۆر... تاد، لە گۆڤارەکەدا بەکار ناهێندرێن.

***

پاشگری **گا و گەریی**، فارسین و کوردییەکەیان «**گە و خوازیی (ایەتیی)** « هەن. نموونەکانیان: **کۆمەڵگە. پێکهاتەخوازیی. ژنایەتیی (فێمێنیزم).**

***

لە جێگەی ڕێباز (ism)، ئەوە پاشگری «ایەتی و خوازیی» بەکار بهێندرێت. بۆ نموونە: **پێکهاتەخوازیی. ژنایەتیی.**